Salahaddin University-Erbil
College of Political Science
Political System and Public Policy
Higher Diploma

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
كۆلێژی زانستە سیاسیەكان
بەشی سیستەمی سیاسی وسیاسەتی گشتی
دیبلۆمی باڵا

# پارتی سیاسی وهەڵبژاردن



د. نیشتمان ڕەشید عەلی

2023-2024

- **بەشی یەکەم/ پارتە سیاسیەکان**

❖تەوەرەی یەکەم: پارتی سیاسی ( چەمک و پێناسە )

لە ڕووی زاراوەییەوە پارتی سیاسی کۆمەڵێکی زۆری پێناسەی بۆکراوە لەلایەن توێژەران و پسپۆرانی ئەم بوارە بەسەر ئەو ڕەگەزەی کە جەختی لێ دەکەنەوە. بۆنموونە ئاراستە یەکیان اعتماد دەکاتە سەر ڕەگەزی ڕێکخستن بۆ پێناسەی پارتی سیاسی چونکە پێی وایە کە ریکخستن ڕەگەزی هاوبەشی نێوان هەموو پارتە سیاسیەکانە بەو پێیەی کە هەموو گرووپێک کار دەکات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش، کە دەبێ ڕێکخستنی تێدابێ بۆ کۆکردنەوەیان و رێککردنی چالاکیەکانیان وە پالنەرێک هەیە لە نێوانیان کە بەلایەنی کەم ( تضامن ) ی ماددی و مەعنەویان هەیە، بەواتایەکی تر ئەم حالەتی رێککردنەی پارتە جیاوازەکان دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پارتەکان لە مومارەساتی سیاسیدا.ئاڕاستەیەکی تر هەیە کە پشت دەبەستێ بە لایەنی ئایدەلۆژی پارتەکان بۆ پێناسەکردنی پارتی سیاسی ئایدەلۆژیاش بەمانای کۆمەڵێ بەهای باڵا کە پارتی سیاسی لەسەری دەوەستێ ئینجا ئەم بەهایانە ئاینی، نەتەوەی، یاخود ئەخلاقی یان ئەوانی تربن بەو پێیەی کە ئایدەلۆژیا یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی پارتی سیاسییە کە لەوەوە ڕوانگە سیاسیەکانی بۆ پرۆسەی سیاسی سەرچاوە دەگرێ.

ئاراستەیەکی تریش هەیە کە تیشک دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی_ چینایەتی پارتی سیاسی بۆ پێناسەکردنی بە واتای ئەوەی کە لایەنی چینایەتی دیاردەخات بەوپێیەی کە پارتی سیاسی گوزارشتە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو، نموونە پارتی کرێکاران و پارتی شیوعی کە گوزارشت لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکەن.

وە ڕایەکی تریش هەیە کە جەخت دەکاتە سەر سیفەت و تایبەتمەندی پارتەکان بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی دیاریکراوی هەبێ ئەم تایبەتمەندیانەش بریتییە لە بەردەوامییەتی ڕێکخستن، کە کۆتایی نایەت بە کۆتایی هاتنی ژیانی ڕێکخراوەکە چونکە ڕێکخستنەکەی گشتگیرە و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە و لایەنەکانی دەوڵەت هەر لە پایتەخت تاکو بچوکترین یەکەی کارگێری لە خۆدەگرێت، هەروەها ئارەزووی پارت بۆ گەیشتنە بە دەسەڵات و بەژداریکردن تیایدا کە فاکتەری جیاکەرەوەی نێوان پارت و گرووپەکانی فشارە هەروەها چالاکی پارت لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی و پشتگیری میللی.

دوای خستنەڕووی ئەم ئاراستە و ڕوانگە گرنگانەی، کە خراونەتە ڕوو بۆ پارتی سیاسی لێرەدا دەتوانین کۆمەڵێک پێناسەی زانستی بخەینە ڕوو بۆ پارتی سیاسی لە وانە:-

1.اوستن رنی لە پەرتووکی (سیاسە الحکم) واپێناسەی پارتی سیاسی دەکات، کە گرووپێکی ڕێکخراون کە سەربەخۆیی خودییان هەیە هەڵدەستن بە دانانی کاندیدەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن، بە ئومێدی بەدەستهێنانی پۆستی حکومی و هەژموونی سەر پلانەکانی حکومەت

2.روبيرت ماكيفر واپێناسەی پارتی سیاسی دەکات، کە بریتیە لەمیکانیزمی دیموکراسی نوێ. واتە ئالیەتی ومارەسەکردنی دیموکراسی سەردەمی ئێستا، چونکە مەحاڵە بەبێ بوونی پارتی سیاسی وێنای ژیانێکی سەردەمیانەی دیموکراسی بکرێت لەبەر هۆکاری زۆری دانیشتوان و زیادبوونی قەبارە و ژمارەی دەوڵەت و کیانە نادەوڵەتیەکان بۆیە ئەمە پێناسەیەکی یەکجار پوخت و کورتی پارتی سیاسیە.

❖ **دروستبوونی ( سەرهەڵدانی ) پارتە سیاسیەکان**

ئێمە لێرە جەخت دەکەینە سەر بنەچەی دروستبوونی پارتی سیاسی لە ڕێگای پەرلەمان و هەڵبژاردن دواتر دروستبوونی دەرەکی پارتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

1.بنەچەی ( ئەسڵی ) پەرلەمانی و هەڵبژاردن بۆ دروست بوونی پارتە سیاسیەکان ئەم ڕێگایە بۆ دروستبوون بەم شێوەیە کە کۆمەڵێ ئەندام پەرلەمان ڕێک دەکەون کە هەمان ئاڕاستە و بەرژەوەندی لێک نزیکیان هەیە، بۆ دروستکردنی ئەوەی پێی دەگوترێت کوتلەپەرلەمانیەکان، وە هەروەها لیژنەکانی هەڵبژاردن کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدەکانیان بەڕێوەدەبرد لەسەر ئەم بابەتە ( موریس دوفريجه ) دەڵێ: وادەردەکەوێ کە گەشەی پارتەکان پەیوەستە بە گەشەی دیموکراسی بە واتایئەوەی کە بەفراوانبوونی دەنگدان، ئەنجوومەنە سیاسیەکان ئەرکیان فراوانتر و گەورەتر دەبوو کاتێک کە ئەندامانیان هەستیان بە پێویستی بۆ یەکگرتن و بوون بە کوتلە بوو بۆکاری بەکۆمەڵ، وە هەرچەند مافی دەنگدان بڵاوبووەوە بیویست بەوە دەکرا، کە دەنگدەران ئاشنا بکرێن بە کاندیدان لە ڕێگای لیژنەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەن پاش ئەوەی هەڵبژاردن ئامرازێک بوو بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنە نوێنەرایەتیەکان، وە دوای فراوانبوونی مافی دەنگدان ( کە پێشتر سنووردارکرابوو بە فاکتەری دارایی و پارەداری، و تەنیا پیاوان بەژداربوون و چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی باڵای دەگرتەوە ) ئەمەش پێویستی بە هەیکەلی سیاسی هەبوو کە ناوی نرا پارتەکان

2. بنەچەی دەرەکی بۆ دروست بوونی پارتە سیاسیەکان

مەبەست لە بنەچەی دەرەکی واتە دروست بوونی پارتە سیاسیەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی کوتلە پەرلەمانیەکان و لیژنەکانی هەڵبژاردن ئەمەش کرا لەسەر بنەمای دامەزراوە یاخود دەستە یان کۆمەڵە یاخود بە دەست پێشخەری تاکەکان.

مۆریس دوفریجە لە بارەی دروستبوونی دەرەکی پارتە سیاسیەکان دەڵێ: لە زۆربەی حاڵەتەکان پارتە سیاسیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی وبنەڕەتی لەلایەن دامەزراوەیەک لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکان بە چالاکیەک تایبەت بە خۆی دروست دەبێ، وە لە دەرەوەی پەرلەمان بەم شێوەیەش دەکرێ قسە لەسەر دروستبوونی پارتەکان بکرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە دروستبوونی پارتە سیاسیەکان لەدەرەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردن مانای ئەوە نیە کە لەنرخی هەڵبژاردنەکان بۆ دروستبوونی پارت کەم کەینەوە، چونکە ئامانجی پارتە سیاسیەکان ( بنەچە یان هەرچۆن بێ ) گەیشتنە بە دەسەڵات وبەژداریکردنە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ بەدیهێنانی پرۆژەکان لە ڕێگای دەسەڵاتەوە.

لە کۆتاییدا دەمانەوێت گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان پارتەکان بخەینە ڕوو لەوانەی کە لە ناوەوەی پەڕلەمان دروستبوون، لەگەڵ ئەوانەی لەدەرەوەی پەرلەمان دروستبوون لە گرنگترینیان:

1 – لە ڕووی ئامانج: ئامانجی پارتە پەرلەمانیەکان سەرەتا و کۆتایی گەیشتن و مانەوەیە لە ئەنجوومەنی یاسادانان، بەڵام پارتەکانی کە دروستبوونێکی دەرەکیان هەیە، ئامانجی لەوە دوورتر و گەورەتریان هەیە.

2 – لەڕووی مەرکەزیەت: پارتەکانی کە دروستبوونێکی دەرەکیان هەیە مەرکەزیەتیان زیاترە لە پارتە پەرلەمانیەکان.

3 – ڕێکخستن: پارتەکانی دەرەوەی پەرلەمان ڕێکخستنیان زیاتر و دسپلینیان زۆرترە، وەک لەو پارتانەی کە دروستبوونێکی پەرلەمانیان هەیە.

4 – ڕۆڵی نوێنەرەکان: لەو پارتانەی کە لە ناو پەڕلەمان دروست دەبن نوێنەرەکان لە پێشەنگی سەرکردایەتی حزب دان، بەڵام لەناو ئەو پارتانەی کە لە دەرەوەی پەڕلەمان دروست دەبن نوێنەرەکان ڕۆڵێکی لاوەکیان هەیە.

❖ **تایبەتمەندیەکانی دروست بوونی پارتی سیاسی لەجیهانی سێیەم:**

کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەن کە هاوبەشن لە دروست بوونی زۆرینەی پارتە سیاسیەکان لە جیهانی سێیەم، ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترینیان:

1. دەرکەوتنی پارتە سیاسیەکان سەرچاوەی نەگرتووە لە پێویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکە فەرزی دەکات وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگا سەقامگیر و سەربەخۆکان هەبوو، بەڵکو وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ بارودۆخی ئیستیعماری و هەژموونی دەرەکی.

2. پرۆسەی دروستبوونی پارتە سیاسیەکان لە جیهانی سێیەم لە ئەنجامی چەسپاندنی مافی دەنگدانی گشتی نەبوو بۆ هاولاتیان، لە میانەی کوتلە پەرلەمانیەکان و لیژنەکانی هەڵبژاردن، بەلکوبە پێچەوانەوە ئامانجی درووستبوونی زۆرینەی پارتە سیاسیەکان بریتی بوو لە خەبات و بەرخودان لە پێناو هێنانەدی ئەم مافانە.

3. ئامانجی کۆتایی لە دروست کردنی پارتەکان لە جیهانی سێیەم بریتیی بوو لە دەرکردنی داگیرکەر و کۆتایی پێهێنان لە حالەتي ئیستیعمار و گەڕانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی نیشتیمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی حوکمی بیانی وە دامەزراندنی کیانێکی نوێ بۆ دەوڵەتی نیشتیمانی ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا ئامانجی حزب گەیشتنە دەسەلات وە بەژداریکردن بوو.

## ❖ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پارتی سیاسی

1. جەماوەر: هەموو پارتێکی سیاسی دەبێ بنکەیەکی جەماوەری هەبێ، کە لە کۆمەڵێ خەڵک پێکدێ کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە و بڕوای تەواو بە پرەنسیپەکانی ئەم حزبە هەبێ کەهاتۆتە ریزەکانی و بانگەوازی بۆ دەکات و بەرگری لێ دەکات. بۆیە کاتێک پارتێکی سیاسی بنکەیەکی فراوانی جەماوەری هەیە، ئەمە دەرخەری هێزی ئەم حزبەیە و گەیشتن بە دەسەلاتیش ئاسانترە ( واتە هەرچەندە جەماوەری زۆرتربێ ئەگەری گەیشتن بە دەسەلاتیش ئاسانترە )

2. یەکبوونی بەرژەوەندی و پرەنسیپەکان: لە ئەساسدا پارتی سیاسی گوزارشتە لە چینێکی کۆمەلایەتی، کە لایەنگرانی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە بۆیە بەرژەوەندی فاکتەری یەکگرتوویی پارتەکانە وە زۆر جار ئەم بەرژەوەندییە لە سەرووی پرەنسیپ و بیروباوەڕیشە، وە زۆر جاریش ئەم پرەنسیپانە واجیهەن ( رووی دەرەوەن)، کەبەرژەوەندی لە پشتی خۆی حەشارداوە.

3. ریکخستن: هەروەکو روبیرت میشیل دەڵی ناکریَ دیموکراسیەت بەدی بێت بەبیَ ڕێکخستن وە لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان دەزگای ململانێن بۆ گرتنە دەستی دەسەلآت ئەمةش ڕووبەڕووبوونەوەی نەیاری دەویت، کە بەبیَ ریکخستن ناکریت بۆیە ریکخستن ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی دەبینیَ لە یەکلاکردنەوەی ئەم جەنگە، هەروەک چۆن سوپا پێویستی بە ڕیکخستنە پارتە سیاسیەکانیش پێویستیان بە ڕیکخستنە. چونکە حزب ئەرکی زۆری هەیە کە بەبیَ ڕیکخستن و بەرنامە تووشی ناڕیکی و ناڕوونی دەبیَ لە جیبەجیکردنی ئەرکەکانی.

4. سەرکردە: هەر ریکخستنیک پیویستی بە سەرکردەیەک هەیە، یەک بوونی سەرکردە کاریکی زۆر گرنگ و مەترسیدارە بۆ سیستەمە سیاسیەکان و پارتەکانیش چونکە هەرگرووپ و کۆمەڵەیەک، کە بیەویَ ڕیککارو هزربیَ دەبیَ سەرکردەیەکی هەبیَ کە بەرجەستەی بکات و نوینەرایەتی بکا,هةروةک جون ماکسویل دەڵی سەرکردایەتی واتە توانایی لە کاریگەری دروستکردن نە کەمترنە زیاتر.

5. گەیشتن بە دەسەلآت: هەموو پارتیکی سیاسی ئامانجی گەیشتنە دەسەلآتی هەیە، بۆیە ئەگەر حزبیک ویستی نەبوو یاخود هەوڵی بۆ نەدا ئەوا بە حزبی سیاسی دانانریت، چونکە تەنیا لە ڕیگای دەسەلآت دەتوانیَ بەرنامەکانی خۆی جیبةجي بکات، لەبةرئةوةی لە دەرەوەی دەسەلآت بەرنامە و ئایدیاکانی تەنیا لە ئاستی تیۆریدا دەمیننەوە بەلآم حزب پیویستی بە جیبەجیکردن هەیە، تاکو سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکیشیت.

**❖ئەرکەکانی پارتە سیاسیەکان:-**

1. کاندیدکردنی نوینەرەکان: یەکێک لە چالآکیە سەرەکیەکانی پارتە سیاسیەکان بریتییە لە هەستان بە کاندیدکردن و دیاریکردنی شکل و شیوازی حوکم و سیاسەت و پلانەکانی.

2. بەڕیوەبردنی ململانێی هەڵبژاردن: ململانێی هەڵبژاردن سەنگی مەحەکە بۆ چالآکی حزبی چونکە لە ڕیگایەوە هاولآتیان هەڵدەستن بە مومارەسەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، ئاشکراشە کە پارتە سیاسیەکان لەلایەنی لایەنگرەکانییەوە مومارەسەی ئەم شیوازەی دیموکراسی دەکەن.

3. ڕیکخستنی حکومەت: اوستن رنی دەڵیت هەموو حکومەتیکی دیموکراسی پیویستی بە ریکخستن هەیە، چونکە ئەگەر هەر فەرمانبەریکی حکومی بە ویست و

میزاجی خۆی کاربکات ئەنجامەکەی فەوزاو پشێوی دەبێ بۆیە پارتی سیاسی ئەرکی ئەم ڕێکخستنەی دەکەوێتە سەرشان.

4. پێگەیاندنی سیاسی: پارتی سیاسی وەکو قوتابخانە وایە بۆ پێگەیاندنی کادرەکانی، چونکە ئەم کادرانە لە داهاتوو دەبنە کاندید و دواتر ئەگەر براوە بن، حکومەت تەشکیل دەکەن، بۆیە پارتی سیاسی وکو کەناڵێکی پێگەیاندنی سیاسی هەڵدەستێ بە پێدانی بەهای سیاسی و پەروەردەکردنی تاکەکانی لە سەر ئەو ئایدەلۆژیایەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی.

5. ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی: پارتە سیاسیەکان هەڵدەستن بە ئەرکی ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن ئەویش بە بەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵگا، ئەگەر پارتەکە دەسەڵاتدار بوو یاخود فشار خستنە سەر حکومەت یاخود ئەگەر هاتوو حزبەکە ئۆپۆزسیۆن بوو، لێرەدا پارتی سیاسی دەبێتە گەیەنەرێک ( وسیط ) لە نێوان دەسەڵات و ڕای گشتی و گوزارشت لە ڕای گشتی دەکات بەم شێویە.

**جۆرەکانی پارتە سیاسیەکان**

**پارتە پارێزگارەکان**

***گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بارتی پارێزگاران ئەمانەی خوارەوەیە:-***

1 – گرنگیدانی ئەم پارتانە زیاتر لەسەر دەستەبژێرە نەک کۆی گشتی خەڵک چونکە ئەوان پێگەی تایبەتیان هەیە لە ناو کۆمەڵگا بەبوونی پارە و سامان و سەر بە چینێکی بەرزی کۆمەلایەتین هەر بۆیە ئەم پارتانە زیاتر پارتی کەسین نەک جەماوەری

2 – ئەم پارتانە ئایدەلۆژیایان نیە، بۆیە ئەندامانی ئەم پارتانە لە ڕووی بەرژەوەندیەوە پێکەوە گرێ دراون.

3 – پەیوەندی نێوان پارت و ئەندامانی لە ڕێگای لیژنەکانەوە دەبێت.

4 – دارایی ئەم پارتانە لە ڕێگای ئەندامە دەوڵەمەندەکانیەوەدابین دەکرێت.

5 – چالاکیەکانی ئەم پارتانە زیاتر دەورین و پەیوەستن بە پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی و هەڵبژاردنی ناوخۆی پارت.

6 – پێگەی خێزان کاریگەری لەسەر ئینتیمای پارتایەتی ئەم جۆرە پارتانە دا هەیە، بە شێوەیەک کە زۆرینەی ئەندامانی ئەم حزبانە لە بنەماڵە پارێزگارەکانن.

1. **پارتە سۆسیالیستەکان:**

تایبەتمەندیەکانی پارتە سوسیالیستەکان:

1 – ئایدەلۆژیان و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە چالاکیە حزبیەکان. بەمەش تەنیا لایەنی سیاسی نیە بەڵکو وەکو ڕۆشەنبیری گشتییە.

2 – ئەم پارتانە لەسەر مۆبیلیزەکردنی جەماوەر دەوەستن هەر بۆیە چالاکیەکانیان بەردەوامەوە و دەوری نیە.

3 – دارایی ئەم پارتانە لەسەر ئابوونەی ئەندامانیان وەستاوە.

4 – کارەکانی ئەم پارتە یاخود بزوێنەری چالاکیەکانیان لە ڕێگای بەشەکانەوەیە.

جیاوازی پارتە سۆسیالیستەکان لە گەڵ پارتە پارێزگارەکان ئەوەیە لە کاتێکدا کە پاڵنەری پارتە پارێزگارەکان بەرژەوەندییە، بەلاّم پارتە سۆسیالیستەکان پاڵنەرەکانی بەرژەوەندی گشتین، لەلایەکی تریش پارتە پارێزگارەکان لەسەر تاکەکان دەوەستن بەلاّم پارتی سۆسیالیست لەسەر جەماوەر دەوەستیّ، وە لە ڕووی دارایی جیاوازیان ئەوەیە کە دارایی پارتی پارێزگاران لە ڕێگای بەخششی ئەندامەکانەوە دابیندەکرێن، بەلاّم دارایی پارتە سۆسیالیستەکان لە ڕێگای وەرگرتنی ئابوونەی دیاریکراو لە ئەندامەکانی دابین دەکرێت. وە یەکەی ڕاپەڕاندنیشیان جیاوازە بەشێوەیەک کە یەکەی ڕاپەڕاندنی پارتی پارێزگاران لیژنەیە ( کۆمیتە ) بەلاّم یەکەی ڕاپەڕاندنی کارەکانی پارتە سۆسیالیستەکان بەشە ( قسم )

2. **پارتە کۆمەنیستەکان** ( **الا حزاب الشیوعیە** ):

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەمانەن:**

1 – لە ڕووی ڕێکخستنەوە پارتی کۆمۆنیستی پشت بە شانە دەبەستیّ بە شێوەیەک کە هەربەش و پۆلێک شانەی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو شانەی کارگەکان و گوندەکان و ...هتد بۆ دامەزراندنی شانەش دەبیّ بەلایەنی کەمەوە سیّ ئەندامی حزب بوونیان هەبیّ لە شوێنەکەدا.

2 – دارایی حزب لەلایەن ئابوونەی ئەندامەکان و دەستە و دامەزراوەکانی سەر بەپارتەکە دابین دەکرێت، بە شێوەیەک کە بڕی ئابوونەی ئەندامانی بەپێی داهاتیان دیاریدەکریّ.

لە کۆتاییدا دەتوانین جیاوازیەکانی نێوان پارتە سۆسیالیستەکان و پارتە کۆمۆنیستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:-

لە کاتێکدا پارتی سۆسیالیستی ڕەتی بەکارهێنانی توند و تیژی دەکات، و پارتی کۆمۆنیستی جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی توند و تیژی. وەلای پارتە سۆسیالیستەکان هەریەک لە دەوڵەت و چین و نەتەوە بوونیان هەیە، بەڵام لای پارتە کۆمۆنیستەکان نە دەوڵەت دەمێنێ نەچین وە دژی نەتەوەشن. ریکخستنی پارتی سۆسیالیست لەلایەن بەشەوە دەبێ، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی ریکخستن لەلایەن شانەوەیە، لای سۆسیالیستەکان هەرکەس بەپێی کارکردنی پێداویستی بۆ دابین دەکرێ، بەڵام لای کۆمۆنیستەکان پێداویستی هەر کەسێک بەپێی پێویستی دابین دەکرێ.

3. **پارتە فاشیەکان ( الاحزاب الفاشيستيه )**

.خالة ليكجوو جياوازةكانى نيوان بارتى فاشى ايطالى و بارتى نازى المانى:

هەرچەندە بارودۆخی دروستبوون و سروشتی وولاتانیان جیاوازبوو بەتایبەتی لەوەی کە ئەڵمانیا بە دۆڕاوی دەرچوو لەجەنگی یەکەمی جیهانی بەڵام ئیطاڵیا بە سەرکەوتوویی لێی دەرچوو لەگەڵ هاوپەیمانانی بەڵام ئەویش بەتەواوی لە ڕۆڵی خۆی ڕازی نەبوو چونکە ڕۆڵی لاوازبوو، و دەستکەوتی کۆتایی شەریشی کەم بوو هەردووکیان لە دەرئەنجامی جةنكى جيهانى يةكةم نارازى بوون بەڵام بة جياوازى ئەوەی کە ئاستی تورەییان جیاوازی هەبوو چونکە ئیطاڵیا ناڕازی بوو ( بێزار بوو ) بەڵام ئەڵمانیا دەکولا لە ناو هەستی تۆڵەسەندنەوە ئەم دوو حزبەش ئەم بێزاری و کولانەی گەلەکانیان قۆستەوە.

لەلایەکیتر خاڵی لێکچوویان ئەوە بوو کە هەردووکیان دوو بزووتنەوەی سیاسی بوون کە لە ناوچینی ناوەڕاست دروست بوون، هەریەکێکیان شێوازێکی هەبوو بۆ وورووژاندنی هەست و سۆزی جەماوەر، هەروەکو خالێکی تری لێکچووی نێوانیان ئەوە بوو کە هەردووکیان لەسەر بیرۆکەی استعلاء ( بەرز لەخۆڕوانین ) دروست بووبوون
.

فاشیزم یان فاشی خەونی بە دووبارە بونیادنانەوەی ڕۆمای کۆن بوو، بەڵام نازیزم یاخود حزبی نازی لەسەر بیرۆکەی ڕەگەز وە ئەڵمانیا لە سەرووی هەمووان دامەزرابوو،

هەردووکیشیان شێوازی خوێناوی و توندوتیژیان هەبوو، دەزگای پۆلیسی نهێنیان هەبوو، کراس ڕەشەکانی ئیطاڵیا و فرقەی ئێس ئێس ئەڵمانی، بۆ لەناوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی دژی ئەوان، وە خاڵی تری لێکچوونی نێوانیان پیرۆزکردنی ( تقديس )

ی سەرکردەیە وەک هەردووکیشیان باوەڕیان بە دەوڵەتە نەک تاک بە شێوەیەک کە هەردووکیان باوەڕیان بە تاک و مافی تاک نیە بەڵام فاشیزمی ئیطاڵی دەوڵەت بە پیرۆز دادەنێ بەڵام نازیەتی ئەڵمانی گەل بە پیرۆزتر دادەنێ کە خۆی بەرجەستە دەکات لە خودی سەرکردە ( زعیم ) هەروەک لە بەرنامەی پارتی نازی هاتبوو کە : ( تۆ هیچ نی گەلەکەت هەموو شتێکە ) بەڵام هەندێک جیاوازیشیان هەبوو بە تایبەت لە ڕووی سروشتی هەردوو گەلەکە کە گەلی ئەڵمانی تا حەدی پیرۆزی هیتلەریان خۆش دەویست بەڵام گەلی ایطاڵی وا نەبوون بەرامبەر موسولینی لە ناحیەی بیر و باوەڕ. بیروباوەڕی نازی زاڵ بووبەسەر نفس بە شێوەیەکی تەواو، بەڵام هی فاشی گۆڕاو ( هەڵپەرست ) بوو .

ئەوەی تایبەت بە دوو کەسایەتی موسولینی و هیتلەر,ماکیفەر دەڵێ هیتلەر دیکتاتۆرێکی دەمارگیر بوو، بەڵام موسولینی دیکتاتۆرێکی مغامر بوو، وە هیتلەر توانی پاڵپشتی گەڵ بەدەست بێنێ بەڵام موسولینی نا.

**تایبەتمەندیەلێکچوو و جیاوازەکانی نێوان پارتە کۆمەنیستەکان و پارتە فاشستەکان:**

هەریەک لە سیستەمە سیاسیەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئەڵمانیا و ئیطاڵیا بە سیستەمی شمولی دادەندرێن، کە ئەو سیستەمە کۆمەڵێک تایبەتمەندیان هەیە وەکو ئەوەی کە ئایدەلۆژیایی ڕەسمی یان هەیە وە سیستەمی تاک حزبین و سیستەمێکە کە چاودێری پۆلیسییە و ئامرازی ڕاگەیاندنی قۆرخکراوە بەهەمان شێوەی ئامرازە سەربازیەکان وە ئیدارەیەکی مەرکەزی هەیە، بۆ ژیانی ئابووری هەموو ئەمانە خاڵی لێکچووی نێوان ئەم حزب و سیستەمانەن، بەڵام ئەمانە مانای ئەوە نییە کە هیچ جیاوازیەکیان نەبێت، بەڵکو ئێمە لێرە گرنگترین جیاوازییەکانیان دەخەینە ڕوو:

1 - لە ڕووی چینی کۆمەڵایەتی: پارتی کۆمۆنیستی لەسەر چینی کرێکاران دروستبووەو وە ستاوە ( لە صین لەسەر جوتیار )، بەڵام فاشیزم و نازیزم لەسەر چینی ناوەڕاست وەستابوون.

2 - لە ڕووی فەلسەفەوە: هەردووکیان ( هەرسێکیان ) تفسیر و شیکردنەوەیان بۆ ژیان هەبوو بەڵام مارکسیەت ڕوانگەیەکی گەشبینی هەبوو وە باوەڕی بە پێشکەوتنی مروڤایەتی هەبوو بەوەی کە بەیانی باشتر دەبێ لە ئەمڕۆ لە کاتێکدا فاشیست ڕوانگەیەکی ڕەشبینی هەبوو هیچ باوەڕی بە سبەی نەبوو، بەڵکو بەڕابردوو باوەڕی هەبوو، پێی وابوو کە دوێنێ باشتربوو لە مڕۆ

3 - لەڕووی نەتەوە: مارکسیەت لەسەر بەجیهانی بوون بیرۆکەکەی وەستابوو، بەڵام لە واقعدا دژی بیرۆکەی مارکس ڕوویدا بەتایبەت لە ململانێی نێوان سۆڤیەت و صین لە کاتێکدا فاشیست لەسەر نزعەی (ویستی) خۆ بەگەورەزان و باڵایەتی (استعلاء) دامەزرابوو کە ئەویش باڵایەتی ڕەگەزبوو.

4 - لە ڕووی باوەڕ: پارتی کۆمۆنیستی باوەڕی بە جەماوەر هەبوو، بەڵام فاشیست لەسەر بیرۆکەی دەستەبژێر وەستابوو.

5 - لە ڕووی سەرکردایەتی: ڕاستە لە هەردوو سیستەم تاک حزب بوو، بەڵام کەسایەتی سەرکردە جیاوازبوو بە جۆرێک کە هیتلەر سەرکردەیەکی پەرستراوبوو، بەڵام لە ناو حزبی کۆمۆنیستی سەرکردە پەرستراو نەبوو (تەنیا ستالین نەبێ کە حاڵەتێکی شازبوو).

6 - لە ڕووی شۆڕش: هەرسێ حزب حزبی جەماوەرین بە جۆرێک کە حزبی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو بوو لە شۆڕش و توانی بونیادی کۆمەڵایەتی بگۆڕێ، بەڵام فاشیست وەک بزووتنەوەیەکی پارێزگاربوو بۆ هێشتنەوەی بارودۆخ وەکو خۆی لەم بارةیە بارینغتون مۆر دەڵێ فاشیست ئەڵتەرناتیڤی سەرەکی بوو بۆ نوێبوونەوەیەکی پارێزگارانە ( محافزكارانه ) لە ڕێگای شۆڕش لە سەرەوە.

**هەڵبژاردن: چەمک و پێناسە**

-الان بیل واپێناسەی هەڵبژاردن دەکات کە شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی سیاسی نێوان فەرمانڕەوا و هاووڵاتی (الحاكم والمحكوم) بەم شێوەیەش دروستکەری بڕیار گرنگی بە داواکاری دەنگدەر دەدەن چونکە هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە فەرمانڕەواکان.

**هەڵسەنگاندنی یاسایی بۆ هەڵبژاردن:**

بۆ شیکردنەوەی سروشتی یاسایی هەڵبژاردن ڕای جیاواز هەن بەشێک پێیان وایە کە هەڵبژاردن مافە، بەشێکی دیکە ئەمە ڕەت دەکەنەوە دەڵێن هەڵبژاردن ئەرکە، هەندێکی دیکەش بۆچوونیان وایە کةهةلبزاردن تێکەڵەیەکە لە ئەرک و ماف لێرەدا ئێمە بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە:-

ئەو ڕوانەگەیةی پێی وایە هەڵبژاردن مافە,ئەساسەکەی بیروکةی سەروەری تاکیە کە لە ڕێبازی ڕۆسۆ سەرچاوەی گرتووە کە پێی وایە سەروەری لە هەموو تاکێک

بەرقەرار دەبیَ کە گەل پێکدێنن، ئەم ریبازەش رەخنەی لیَ دەگریَ بەوەی کە هیچ مانایەکی نیە لە ڕووی یاسایی چونکە سەروەری افترازی ئەوە دەکریَ کە یەک خاوەنی هەیە ئەویش گەلە کەواتە سەروەری تاک هیچ مانای نیە لە ڕووی یاسایی یەوە.

ڕوانگەیەکی تر پێی وایە هەڵبژاردن ئەرکە، لایەنگرانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە کە ئەوەی هەموو تاکێک ئەندامە لە گەل ئەوە هاوولاتییە بەلاّم هەموو هاوولاتیەک دەنگدەر نیە بەو مانایەی کە هەموو تاکێک مافی ئەوە هەیە کە وەکو بەشیک لە پیکهێنەری گەل ( امة ) دانی پێدابنرێت بەلاّم ناتوانێت دەنگ بدات هەتا یاسادانەر ئەم ئەرکەی پیَ نەدات، ( دوگی ) وای دەبینیَ کە هاوولاتی دەنگدەر خاوەن ماف و ئەرکێکیشی هەیە نموونە بەوە دێنێتەوە کە دەلّیَ فەرەنسیەکان هاوولاتی ناکارکەرن( ئەوە مافە ) بەلاّم هەندێکیان کە مەرجەکانیان تێدایە دەنگ دەدەن ئەوانە هاوولاتی دەنگدەرن ( ئەمەش ئەرکەکەیە ).

ڕوانگەیەکی دیکە هەیە بۆ شیکردنەوەی سروشتی یاسای هەڵبژاردن کە پێی وایە کە هەڵبژاردن کۆیەکە ( تێکەڵە ) لە نێوان ماف و ئەرک بەلاّم لە هەمان کات نا، لە سەرەتادا هەڵبژاردن جێگیر دەکریَ وەکو مافێکی تاکەکەسی، وە دواتر تحول دەکات بۆ وەزیفە ( ئەرک ) لە کاتی دەنگدان. وە ریبازی چوارەم پێی وایە کە هەڵبژاردن دەسەلاّتێکی یاسایی یە کە لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە ڕێبازەکانی پێشووتر، بە شێوەیەک کە ئەگەر هەڵبژاردن بە ئەرک دابنێن ئەوا گەل ئەو کەسانە دیاریدەکات کە مومارەسەی ئەو ئەرکە دەکەن ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کە هەر دەسەلاّتێک حوکم دەکات دەتوانێت بە ناوی گەل دەستەی دەنگدەران دیاری بکات، کە ئەمەش دەچێتە خزمەت بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراوی دەسەلاّتدار ئەمەش ڕوویدا لە کاتی شۆرشی فەرەنسی کە هەڵبژاردنیان بەرتەسک کردەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە پارەیان هەیە و ئەوانی دیشیان بێبەش کرد، بەلاّم ئەگەر هەڵبژاردنمان بە ماف دانا ئەوە ناگونجیَ لەگەڵ واقع چونکە خاوەنی ماف ئازادە لە تەسەڕووف کردن بە مافەکەی لە ڕووی مومارەسەوە تەنازول کردن لێی. بەلاّم دەنگدەر ناتوانیَ ئەوە بکات بۆیە زۆرینەی زانایان و فەقیهەکان بواری هەڵبژاردن پێیان وایە کە هەڵبژاردن دەسەلاّتێکی یاساییە کە یاسا بۆ دەنگدەر بریاری لیَ دەدات ( یاخود دەیسەپێنیَ ) ئەم دەسەلاّتەش هێزەکەی لەو مەرکەزە یاساییە وەر دەگریَ کە دانراوە بەپێی بەرژەوەندی گشتی.

**- گەشەسەندنی مێژوویی هەڵبژارن:-**

**هەڵبژاردن لە دیموکراسیەتی کۆندا:**

لە کۆندا گەل بەخۆی ممارەسەی دەسەلاتی خۆی دەکرد لە ئەسینا لە ڕێگای کۆمەڵەیەک دەکرا ناوی کۆمەڵەی گەل بوو ( اکلسییا ) کە شوێنێکی گشتی بوو بۆ کۆبوونەوەی گەل وەکراوەبوو بۆ هەموو هاوڵاتیانی نێر کە پێگەیشتوو بوون بۆ بەرپرسیاریەتی، هەڵبژاردن و کاندیدکردن و دیاریکردنی دادوەران و ... هتد. هەموو ڕۆژێک کۆدەبوونەوە لەسەر گردی ( بنیکس ) لە ناوەڕاستی ئەسینا کە وەکو پەرلەمانێکی کراوەبوو کە هاوڵاتیانی ئازاد لێی کۆدەبوونەوە بۆ دانی بڕیاری سیاسی و کارگێری چارەنووسساز. وە کاتێ ڕۆسۆ باسی دیموکراسیەت دەکات مەبەستی لێی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ بوو کە گەل خۆی بەبێ بوونی هیچ ناوەند و وەسەتێک ممارەسەی دەکات، چونکە سەروەری نەتەنازولی لێ دەکرێ وە نە نوێنەرایەتیشی دەوێ چونکە ئیرادەی گشتی نوێنەرایەتی ناکرێ یاخود خۆی دەبێ یاخود شتێکی دیکەیە قابیلی بوونی وەسەتێک ناکات.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەندێ کانتۆنی سویسری پەیڕەو دەکرێ کە هاووڵاتیان ساڵانە کۆدەبنەوە لە کۆمەڵەیەکی گشتی کە گەل بەخۆی ممارەسەی دەسەلات دەکات کەس هەڵنابژێرێ بۆ حوکم، بەڵام ئەم جۆرە دیموکراسیەتە ڕاستەوخۆیە بە دیهێنانی لە دەوڵەتی نوێدا مومکین نیە، چونکە ناکرێ هەموو هاوڵاتیان لە یەک شوێن کۆببنەوە و ممارەسەی دەسەلات بکەن.

بۆیە روبرت دال پێی وایەکە دەوڵەتە شاری یۆنانی تاکە شوێنی وجودی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆبوو بەڵام دوای گۆڕا بۆ دەوڵەت نەتەوە.

**هەڵبژاردن لە دیموکراسیەتی نوێدا:-**

**- بیرۆکەی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی ( الديمقراطية النيابية )**

لە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیدا گەل خاوەنی دەسەڵاتە بەڵام ناتوانێ ممارەسەی ئەم دەسەڵاتە بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆیە بۆ ئەوەی ممارەسەی ئەم دەسەڵاتە بکات پێویستە نوێنەرەکانی هەڵبژێری بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو ممارەسەی دەسەڵات بکەن، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو پەیوەندیەی کە دەنگدەر و نوێنەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە چ پەیوەندیەکە؟ یاخود بە واتایەکی دیکە سروشتی یاسایی ئەم پەیوەندیە چییە؟

بۆ شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان دەنگدەر و نوێنەر لە ڕووی یاساییەوە چەند تیۆرێک هەن ئەوانیش:

یەکەم/ تیۆری نوێنەرایەتی:

ئەم تیۆرە لە فکری فەرەنسیدا باوە بیرۆکەکەی لە نوێنەرایەتی لە یاسایی تایبەت دا هاتوو بە شێوەیەک کە نوینەر هەڵدەستێ بە کارە یاساییەکان لە جیاتی موەکیلەکەی هەر بۆیە کارو هەڵسوکەوتەکانی کە نوێنەر دەیکات لە ڕووی یاساییەوە وەکو ئەوە وایە کە دەنگدەر کردبێتی، ڕەخنە لەم تیۆرە گیرا لەبەر ئەوەی پێی وایە کە هەڵبژاردن وەکالەتە نەک ئەوەی کە ئیختیارکردن بێت، بەپێی تیۆرە نوییەکانی ڕۆسۆ دەڵێت کە ئیرادە ناتوانرێ جیابکرێتەوە لە خاوەنەکەی چونکە بە گواستنەوەی وجودی ئیرادە نامێنێ هەر بۆیە نیابە ( جێگری یاخود نوێنەرایەتی ) لە ئیرادە دانییە.

دووەم/ تیۆری ئەندام:- ئەم تیۆرە لە ئەڵمانیا بڵاوبوو ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە گەل ( الامة ) خاوەنی سەروەریە کە کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە و ئیرادەیەکی هەیە لە ڕێگای ئەندامەکانیەوە گوزارشتی لێدەکات کە ناکرێ لێی جیابکرێتەوە، ئەم ئەندامەش بریتییە لە ئەو دەستە و دەزگایانەی کە یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان لە دەستە، هەروەک چۆن زمان تەنیا ئەندامێکە لە جەستەی مرۆڤ کە بەکاردێ بۆ گوزارشت کردن لە ئیرادەی ئەو بەبێ ئەوەی کە خۆی ئیرادەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێ بەهەمان شێوەش پەرلەمان ( یان دامەزراوەکانی تر ) تەنیا ئەندامێکن کە بەکاردێن بۆ گوزارشت کردن لە ئیرادەی گەل چونکە خۆیان ئیرادەیان نیە، هەر بۆیە ئەساسی ئەم تیۆرە وەهمیە چونکە پێی وایە کە ئیرادەی حاکم حەتمەن ئیرادەی گەل بێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەگەری دیکتاتۆریەتی فەرمانڕەواکان و ملکەچی ڕەهای هاووڵاتیان ( محكومین ) بۆیان.

سێیەم/ تیۆری هەڵبژاردن تەنیا اختیارکردنە: ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لەلایەن دەنگدەران تەنیا ئیختیارکردنێکە لە نێوان ئەوانەی کە دەنگدەرن پێیان وایە باشترینن لە ناو کاندیدەکان دا وە ڕۆڵی دەنگدەر کورت دەبێتەوە تەنیا لە هەڵبژاردن ( اختیارکردن ) ئەم تیۆرە پێی وایە کە هیچ پەیوەندیەکی یاسایی لە نێوان دەنگدەر و نوێنەردا نیە.

**شێوازەکانی هەڵبژاردن**

مەبەست لە شێوازەکانی هەڵبژاردن دیاریکردنی چۆنیەتی دەنگدانی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردن

یەکەم/ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ:

مەبەست لة هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ ئەو هەڵبژاردنەیە کە ڕاستەوخۆ دەنگدەر نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ بەبێ هەبوونی ناوەندێک لە نێوان خۆیو ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرێ بەڵام کاتێک ئەمەی بۆ ناکرێت و ناگونجێ دەنگدەر هەڵدەستێ بە هەلبژاردنی نوێنەری خۆی ئەو نوێنەرەش فەرمانڕەوا هەڵدەبژێ ئەم پرۆسەیەش پێی دەووترێ هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ ئەم پرۆسەیەش بە دوو قۆناغ دەبێت: قۆناغی یەکەم دەنگدەری یەکەم دەنگدەداتە دەنگدەری ناوەند گیر، وە لە قۆناغی دووەم ئەم دەنگدەرە ناوەند گیرە دەنگدەدات بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا،

.

وەم/ هەڵبژاردنی بەتاکی و هەڵبژاردنی بە لیست:

بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی هەڵبژاردن وولات دابەش دەبێت بۆ ناوەندەکانی هەڵبژاردن ئەگەر هاتوو دەنگدەر دەنگی بەیەک پاڵێوراودا لە ناوەندی هەڵبژاردن ئەوا بەم هەڵبژاردنە دەگوترێ هەڵبژاردنی تاکی لەم جۆرەش وولات دەکرێتە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی بچووک جونکە دەنگدەر دەنگ دەداتە یەک پالێوراو لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، کە ژمارەیان یەکسانە بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەوپێیەی کە یاسای هەڵبژاردنی وولاتەكة دیاری دەکات. بەم جۆرە هەڵبژاردنە بەوە دەناسرێ کە سیستەمی تاک بازنەییە ,چونکە کاخەزەکەی دەنگدەر دەیدات تەنیا ناوی یەک پاڵێوراوی لەسەرە.

بەڵام ئەگەر هاتوو دەنگدەر دەنگی بە زیاتر لە یەک پاڵێوراودا ئەوا پێی دەوترێ هەڵبژاردنی بەلیست کە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن کەم دەکرێتەوە وە لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردن ژمارەیەک نوێنەر بەلیست هەڵدەبژێردرین لێرةدا دەنگدەر هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی کە ناویان لە لیستەکەدا هاتووە ئەوەندەی کە یاسایی هەڵبژاردن دیاری کردووە ئەم سیستەمەش بە سیستەمی فرەبازنەیی بەناوبانگە

یاخود فرەیی نوێنەرایەتی,بەڵام ئەم شێوازە تەنیا یەک جۆری نیە بەڵکو چەند جۆرێکن,ئةوانیش:

یەکەم/ لیستی داخراو:

لەم شێوازەدا دەنگدەر دەنگدەداتە هەموو پاڵێوراوانی یەک لیست بەبێ ئەوەی دەستکاری ناوەکان بکات یان بیانگۆڕێت یاخود تسلسلی ( ریزبەندی ) ناوەکان بگۆرێ ڕەخنە لەم جۆرە دەگیری لەوەی کە هەموو پالێوراوان هەمان دەنگ دێنن کە بەلیست دراوە بۆیە ئەو وولاتانەی ئەم جۆرە بةکاردێنن یەک لە ئامرازەکان دەگرنە بەر بۆ خۆ بەدوورگرتن لەم کێشەیە ئەوانیش دابەشکردنی کورسیەکانە بەپێی ریزبةندی زنجیرەی ناوی کاندیدەکان لە لیستەکە لەوکاتەشدا حزب تەرتیبی ناوەکان دیاری دەکات واتە کێ لە سەرووی لیستەکە بێ ئەوە دەبێ بە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی- ئامرازی دووەم ماف دەداتە دەنگدەرەکە کە خۆی تەرتیبی ناوەکان بگۆڕێ لەم کاتەشدا ئەو پاڵێوراوەی کە دەنگدەر دیاریکردووە ئەوە دەبێتە نوێنەر نەک بە گوێرەی ڕای حزب بێت کةهةندیکات بةلیستی نیمجة کراوة ناودةنریت.

دووەم/لیستی کراوە:

لەم شێوازەددا دەنگدەر هەڵدەستێ بە دروستکردنی لیستێک لە ناوی کۆی لیستەکانی پارتە بەژداربووەکانی هەڵبژاردن و دەنگیان پێدەدات بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوەکانی کە دیاری دەکات زیاتر نەبێ لە کورسیە دیاریکراوەکانی ئەو بازنەی هەڵبژاردنە بەنموونە ئەگەر وا دابنێین کە بازنەیەکی هەڵبژاردن حەوت کورسی نوێنەرایەتی دیاری کرابێ و پێنج لیست هەبن لێرەدا دەنگدەر هەڵدەستێ بە دەست نیشانکردنی حەوت پاڵێوراو لەم پێنج لیستەدا، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە سیستەمی لیست دەرفەت زیاتر دەداتە دەنگدەر لە هی تاکی کە بە ئازادی دەنگ بە پاڵێوراوان بدات بەلام سیستەمی تاکی دەنگدەر تەنیا لە هەڵبژاردنی یەک پالێوراو سنووردار دەکات.

سێیەم/ هەڵبژاردنی سنووردار و هەڵبژاردنی گشتی:

هەڵبژاردنی سنووردار دەبێ کاتێک دەسەلاتی هەڵبژاردنەکان بە دەست ژمارەیةک لە تاک دەبێ بە مەرجی داهات و لیهاتوویی هزری هەڵبژاردنی سنووردار بەمانای ئەوةی کە هەڵبژاردن سنووردار دەکرێ لەسەر چینێکی دیاریکراوی هاووڵاتیان ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئەوەی توانای دانی باجی هەبێت بەژداری هەڵبژاردن دەکات

بۆنموونە لە فەرەنسا لە میانەی ساڵانی ١٨٣٠- ١٨٤٠، ئەم شێوازەبوو ( هەرچەندە ئەم مەرجە ئێستا نەماوە )

بەڵام هەڵبژاردنی گشتی بەواتای ئەوە دێ کە هەمووان مافی دەنگدان و بەژداریان هەیە لە پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەک پیاو یان ئافرەت، دەوڵەمەند یان هەژار، خوێندەوار یان نەخوێندەوار...هتد. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە گشتییە مەرجی خۆی هەیە بۆ نموونە مەرجی تەمەن کە دەبێ پێگەیشتوو بێ بە گوێرەی یاسای ئەو وولاتە وە توانای ژیری کەسەکە وە بوونی مەرجی ڕەگەزنامەی ئەو وولاتە بۆ ئەوەی بەژداری دەنگدان بکات لەسەر ئەم ئەساسە دەستوور یاخود یاسای هەڵبژاردنی وولاتان کۆمەڵێ مەرجی تێدا نوسراوە کە دەبێ لە دەنگدەر هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ مومارەسەی مافی بکات لە دەنگدان و خۆپالاوتن چونکە ناکرێ هەموان بەژداری هەڵبژاردن بکەن وەکو منداڵ یاخود ئەوەی کە کیشەی ژیری هەیە. وەهەندێ یاسادانەر هەن کە ئەوانەی تاوانێکی گەورەیان کردووە بێبەشیان دەکەن لە دەنگدان وە لە هەندێ وولات کاتێک کەسی لە خزمەتی سەربازی دایە مافی دەنگدانی نیە تاکو دەگەڕێتەوە سەر لە نوێ مافەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

چوارەم/هەڵبژاردنی ئاشکرا و هەڵبژاردنی نهێنی:

مەبەست لە هەڵبژاردنی نهێنی ئەوەیە کە دەنگدەر دەنگدەدات بەبێ ئەوەی کەس بزانێ دەنگی بەکێ داوە، پێچەوانەی هەڵبژاردنی نهێنی کە دەنگدەر لە بەردەم لیژنەیەک دەنگدەدات بۆ ئەوەی گەرەنتی ئازادی بکات بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ، بەڵام هەڵبژاردنی نهێنیش ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنە دەبێتەوە بەوەی کە فاکتەری کاریگەری کردنە سەر دەنگدەر دێتە ئاراوە لە ڕێگای ئیغرای ماددی و هەڕەشە و ترساندن لە وولاتە نادیموکراسیەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی بەژداری سیاسی .

لەسەردەمی ئێستا دەنگدانی ئاشکرا بوونی نییە تەنیا لە دەنگدان لەناو پەرلەمان نەبێت، لە کۆتایشدا دەتوانین بڵێین کە دەنگدانی نهێنی بۆتە بنەمایەکی سەرەکی گەرەنتی بوونی سیستەمێکی دیموکراسی و هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەردة چونکە دەنگدانی ئاشکرا جۆرێک لە سنووردارکردنی ئازادی دەنگدەری تێدایە.

پێنجەم/ هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە و هەڵبژاردنی زۆرە ملێ:-

هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە ئەو هەڵبژاردنەیە کە تێیدا دەنگدەر سەربەستە ( ئازادە ) لەوەی کە دەنگدەدات یان نا لایەنگرانی ئارەزوومەند بوونی هەڵبژاردن ئەوانەن کە

هەڵبژاردن بە ماف دادەنێن بەوەی کە دەنگدەر مافی خۆیەتی ئینجا ئازادە لەوەی مومارەسەی ئەو مافە دەکات یان نا، تێبینی ئەوە دەکرێ لە وولاتانی ئەم شێوازە جێبەجێ دەکەن ڕێژەی بەژداری سیاسی تیایابدا کەمە یاخود بەرز نیە، لە فەرەنسا بەنموونە ڕێژەی نەچوون بۆ دەنگدەران لە نێوان ٢٠٪ - ٢٥٪ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وە ئەم نەچوونەش بەهۆی بێ هیوابوونی دەنگدەرە یاخود ناڕازی بوونیانە لە سیاسەتێکی دیاریکراو.

بەلام هەڵبژاردنی زۆرەملێ ( اجباری ) تێیدا دەنگدەر دەبێ پابەند بێ و بڕوا دەنگ بدات، لایەنگرانی ئەم شێوازە پێیان وایە هەڵبژاردن ئەرکە وە پێویستە لەسەر دەنگدەر کە ئەم ئەرکەی خۆی جێبەجێ بکات. وولاتانی کە ئەم شێوازە پەیڕەو دەکەن وەکو بەلجیکا لە میانەی دەستوری ١٨٩٣، بەوەی کە هەڵبژاردنی زۆرە ملێیە، وە استرالیا لە ١٩٢٤وە ئەم شێوازە اجباریە پەیڕەودەکات وە هەرکەس نەچێتە دەنگدان سزا دەدرێ و دەبێ پێ بژاردنی ماڵی بدات بەو پێیەی کە لەیاسای هەڵبژاردنی کارپێکراوی وولات دیاریکراوە.

## سیستەمەکانی هەڵبژاردن

اندرورینولدز واپێناسەی سیستەمی هەڵبژاردن دەکات، کە سیستەمێکە تیادا دەنگی دەنگدەران دەگۆڕێ بۆ کورسی تایبەت بە پارتەکان و پالێوراوان واتە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسی نوێنەرایەتی.

وە بەپێی هەردوو پرۆفیسۆری ئیطالی بالدینی و باباﻻرادو سیستەمی هەڵبژاردن بریتییە لە کۆمەڵێ یاسا کە هەڵدەستن بە ڕێکخستن و بەباش زانینی کەسایەتی پالێوراوان لەلای دەنگدەران بۆ ئەو دەنگەی کە لەڕۆژی هەڵبژاردن دەیدا دواتر گۆڕینی ئەو دەنگانە بۆ کورسی نوێنەرایەتی یاخود پۆست و بەرپرسیاری دیکەی وولات ( سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران )، وە ئەم دوو پرۆفیسۆرە دەڵێن کە بە توێژینەوە لە سیستەمی هەڵبژاردنی ٦٠ وولات بۆیان دەرکەوتووە کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی سیستەمی هەڵبژاردنی هەر وولاتێ ڕێکخراوە دەبێ شمولی شەش ڕێوشوێنی بکات ئەوانیش: مافی دەنگدان و مافی خۆپالاوتن، توماری هەڵبژاردن، وەکالەتی تەکلیفکراوی هەڵبژاردن، ڕێوشوێنەکانی دەنگدان، وە ڕێوشوێنەکانی جیاکردنەوەی براوە و دۆڕاوەکان.

بە دڵنیایی هەر جۆرە سیستەمێکی هەڵبژاردن کۆمەڵێ خاڵی نەرێنی هەیە، هەروەکو ئەوەی کۆمەڵێ خاڵی ئەرێنی هەیە، سیستەمی هەڵبژاردنی سەرکەوتوو ئەو سیستەمەیە کە دوو لایەنی ئەساسی تێدایە ئەوانیش: ئیرادەیەکی لێهاتوو بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن وە یاسایەک کە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ڕێک بخات کە مەبەست لێی سیستەمی هەڵبژاردنە.

**گرنگی سیستەمی هەڵبژاردن**

سیستەمی هەڵبژاردن بەوپێیەی کە گوزارشتە لە ئامرازێکی تەکنیکی بەوەی کە هەڵبژاردن دەکاتە سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵات گرنگیەکی زۆری هەیە لەلایەنی:-

یەکەم/ سیاسی: سیستەمی هەڵبژاردن بەژداری دەکات لە چەسپاندنی بنەماکان و هزری دیموکراسی و کارکردن لەسەر ئەوەی کە بیکاتە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕۆشنبیریەکی سیاسی باڵا لای تاکەکانی کۆمەڵگە هەروەک بەژدار دەبێت لە بەدیهێنانی هاوسەنگی سیاسی کۆمەڵگە لە نێوان پارتە ڕکابەرەکان وە هەوڵی چارەسەری دژیەکەکان دەدات بە ڕێگای ئاشتیانە وە پرۆسەی دیموکراسی ئاسان دەکات بە شێوەیەک کە ناهێڵێ پێکدادان ڕووبدات لە نێوان ئاڕاستە جیاوازەکان.

دووەم/ لە ڕووی کارگێڕی: بەوپێیەی کە پرۆسەی گۆڕینی دەنگەکانە بۆ کورسی نوێنەرایەتی، ئەم پرۆسەیەش ناکرێ تەنیا بەبوونی ئیدارەیەک نەبێ کە ئامادەکاری بکات و سەرپەرشتی و چاودێری ڕووداوەکانی ئەم پرۆسەیە بکات، ئەم ئیدارەیەش پێویستە کە لێهاتووبێ و توانایی هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی وورد و ڕوون و کارامە، هەربۆیە دانانی هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن دەبێ سروشتی ئیدارەکە لە بەرچاو بگیرێ وە ئاستی گەشە و توانایی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گرنگی پێ دەدرێ چونکە سیستەمی هەڵبژاردن هەرچەندە دادپەروەربێ لەلایەنی تیۆرییەوە ناتوانێ بە تەنیا دڵنیایی بدات لە هەڵبژاردنێکی پاک و ڕوون و بێگەرد ئەگەر ئیدارەیەکی لێهاتوو بێلایەن و سەربەخۆی نەبێ.

سێیەم/ لە ڕووی کۆمەڵایەتی: هەڵبژاردنی نوێنەران بە ڕێگایەکی دیموکراسی بەپێی سیستەمی هەڵبژاردنی ڕوون و دوور لە فشار و ساختە هەستێک لای هاووڵاتی دروست دەکات کە ئینتیمای هەبێ بۆ کۆمەڵگەیەک کە مافە سیاسیەکانی پارێزراون لەسەر بنەمای پرەنسیپی دیموکراسی و بەهای شارستانی و کۆمەڵایەتی ڕەگو ریشەی داکوتیوە، کە

ئەمەش گرنگیەکی کۆمەڵایەتی دەداتە سیستەمی هەڵبژاردن، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕانی واقعێکی کۆمەڵایەتی دابەشبوو بۆ واقعێکی سیاسی یەککگرتوو، دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەستی نیشتیمان پەروەری ئەمەش ئارەزووی گەشەپێدانی تاکی و کۆمەڵ لای تاکەکان دروست دەکات، کە دەبێتە هۆی بە هێزکردنی ئاشتەوایی نیشتیمانی و بە دیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری.

## جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن

سیستەمێکی هەڵبژاردنی پێوەری ( معیاری ) جیهانیمان نییە، کە لەهەموو دونیا کاری پێ بکرێ هەتا لەناو ئەو وولاتانەی کە لة چوارچێوەی یەکێتییەکیش ڕێکخراون وەکو یەکێتی ئەوروپا سیستەمی هەڵبژاردنی جۆراوجۆریان هەیە، وە ئەوەی کە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە یەکتر جیادەکاتەوە تواناییە لە نوێنەرایەتی کردنی هەموو پێکهاتە و ئاڕاستە جیاوازەکانی کۆمەلگە، بەو مانایەی کە هەرچەندە نوێنەرایەتی فراوانتربێ ئەم سیستەمە بەهێزترە و گونجاوترە چونکە لە رێگەی سیستەمی هەڵبژاردن ناسنامەی براوە و دۆڕا و دیاری دەکرێت.